محەمەد شیاع سودانی لە بارگای نەتەوە یەکگرتووەکان پێیامکی هایگیاند



دیارترین ئەو بابەتانەی کە سەرکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، محەمەد شیاع سودانی لە وتارکێیدا پشکشی کرد لەبەردەم کەمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە خولی حەفتا و هەشتەمینیدا لە شاری نیویۆرک: "بە ناوی حکومەت و گەلی کەماری عێراق-ەوە پرسە و هاوخەمی خەمان ئاراستەی شانشینی مەغریب و دەوڵەتی لیبیا دەکەین بە حکومەت و گەلەوە بە تودانی هەردوو کارەساتی بوومەلەرزە و لافاوەکە، عێراق هەمیشە باوەڕی بەو بنەما گشتییانە هەبووە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەری دامەزراوە و بەشداری لە هەموو بەرنامەکانی دەکات"، هەروەها وتیشی: حکومەت بەرنامەیەکی چاکسازی گشتگیری لەخە گرتوە و پێشینەی گرنگی هەگرتوە بە ڕاستکردنەوەی ڕەوشەکە و گەڕاندنەوەی متمانە بە سیستەمی سیاسی و دابینکردنی ژیانێکی شیاو بە هاوڵاتیان و بنیاتنانی عێراقێکی بەهێز، هاتووەش، "ئەوڵەویەتەکانی ئەو حکومەتە تیشک خستنە سەر دروستکردنی هەلی کار لەگەڵ بەدەستهێنانی ڕێنیسانسێک لە خزمەتگوزارییەکان و بەرهێنگاربوونەوەی هەژاری، بەرهێنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی چاکسازی گشتگیر لە هەوی ئابووری و ئیداریەوە"، جەختی کردەوە کە حکومەتی عێراق هەنگاوی گرنگ لە چاکسازییەکانی هەردوو کەرتی دارایی و بانکیدا ناوە بە زاڵبوون بەسەر لاوازیی سیستەمە ئیداریەکانی پێشوودا کە نەیانتوانی گەڵانکارییەکان جێبەجێ بکەن و بگەن بە پەرەسەندنی

نوێی جیهانیدا.

لە تەواوی وتەی سودانی هایگیاند، "عێراق هەشتا وەاتەکی گرنگی نەوتییە هەروەها وەاتەکی سەرکییە لە بازاڕی وزەی جیهانیدا و دەرفەتی گرنگی هەیە لەگەڵ پێژە و کاری گرنگدا"، هەروەها ئاوڕشی وت، کە پرۆژەی ڕێگای گۆشەپەدانمان هاگیاند و کۆناڵێکی وشکانی گرنگ کە بڕێ سەرکییەکانی ئابووری ناوچەکەمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها باشترین ڕێگایە بۆ ئاوگۆڕی بازرگانی و ئابووری لە ناوچەکەدا، داواش لە وەاتانی دەست و هاوبڕش دەکەین کە دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن و هاوکاریمان بکەن لە بەرێنگاربوونەوەی گێندەڵی و گەماندنەوەی پارە تاڵانکراوەکان، چونکە ئەمە باوەڕمان بە پەیوەندی نەوان گێندەڵی و تیرۆرەوە هەیە.

وتیشی: دەستەوەردان لە کاروباری ناوخۆی وەاتەکەمان بۆ هەر بیانوویەک بێت ڕەتی دەکەینەوە و دەستووری ئەمە ناچارمان دەکات کە عێراق نەکەینە خاڵی هەرشکردنە سەر وەاتانی تر و داوا لە هەمووان دەکەین ڕێز لە سەروەری و سەلامەتی خاکی عێراق بگرن.